# هەموو ئومەتێک خاوەن سپاردە وئەمانەتێکی هەیە، وخاوەن ئەمانەت وسپاردەی ئێمە -ئەی ئومەت- ئەبو عوبەیدەی جەڕاحە

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەموو ئومەتێک خاوەن سپاردە وئەمانەتێکی هەیە، وخاوەن ئەمانەت وسپاردەی ئێمە -ئەی ئومەت- ئەبو عوبەیدەی جەڕاحە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لە هەموو ئومەتێکدا پیاوێک هەیە بە خاوەن سپاردە وئەمانەت پارێز بەناوبانگە زیاتر لە ئەوانی تر، ولە بەناوبانگترینی خاوەن ئەمانەتەکان لە نێو ئەم ئومەتەدا ئەبو عوبەیدەی جەڕاحە -ڕەزای خوای لێبێت-، ئەگەرچیش ئەمانەت سیفەتێکی هاوبەشە لە نێوان ئەو وهاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- بەڵام مەبەستی فەرموودەکە ئەو مانایە دەدات کە ئەمانەت پارێزی ئەو زیاترە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11190